# کۆنگرەی دووەمی چاک: هەندێ ڕوونکردنەوە و پێشنیار

**شاخەوان شۆڕش**
26.11.2007

چاک لەبەردەم کۆنگرەی دووەمی دایە[1]، بەهۆی ئەزموونی کار، هەوڵەکان و ڕووداوەکان، هەوراز و نشێوی ڕێکخراوەیی، وردە وردە توانراوە تێگەیشتنی زیاتر بۆ کار و هەوڵەکان، پرەنسیپ و دیسیپلین، مەبەست و ئامانجەکان پەیدابکرێن. هەوڵ دەدەم لە خوارەوە، بە مەبەستی تێگەیشتنێکی باشتر و ڕوونتر، هەندێ ڕوونکردنەوە، تێبینی و پێشنیار سەبارەت بە ڕێکخراوی چاک بخەمەڕوو.

کارکردن لەسەر پرسەکانی کۆمەڵکوژی، پاکتاو و گەلکوژی کە دژی گەلی کورد ئەنجام دراون، بێگومان ڕێکخراوێکی بەتوانا و هەناسە درێژی گەرەکە, کە بتوانێ پرۆفیشنالانە و سەردەمیانە کار بۆ ئەو پرسە گرنگانە بکات، بەمجۆرە بتوانێ لە ئاست پێداویستیەکاندا بێت.  ناوەندی چاک کە سەرەتا وەکو کەمپین هاتەکایەوە و ئامانجەکانی کەم و سنوردار بوون، بەڵام پێداویستیەکان و زیاتر تێگەیشتن لە کۆمەڵێ پرسی دیکەی گونجاو کە ئاسۆیەکی فراواتر و دوورتر وێنە دەکات، ئەو پرسانە بوون بە پێویستیی بنچینەیی. کەم یا زۆر شان دراوەتەبەر هەندێ لەو پرسانە یا بەڵێنی کارکردن لەسەریان دراوە. جێگای بیرخستنەوەیە پەیدابوونی چاک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێدەنگی و پاسیڤی و کەمتەرخەمییەی بەرامبەر بە تاوانەکانی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەرامبەر بە گەلی کورد کراون و دەکرێن. دیارە کارەساتەکان زۆرن، کۆن، نوێ و هەنوکەیین، بۆیە کارکردن لەسەریان پێویست و درێژخایەنە، وزە و توانای زۆری بە بەردەوامی پێویستە.

بەهۆی بارودۆخی ئێستای کوردستان و بەردەوامی پێشێلکاریی بەرامبەر بە مافی مرۆڤ؛ بەهۆی ویستی گەلێ لە ئەندامانی چاک؛ بەهۆی داوا و چاوەڕوانی خەڵک بەگشتی؛ بەهۆی پەیوەستبوونی چەوساندنەوە بە کارەساتی گەورەتر، دواجار لەبەر نەبوونی بەرگری پێویست لەو پێشێلکاریانە، پرەنسیپی پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ چۆتە ناو بەرنامەی ڕێکخراوی چاک. زۆری و دراماتیکی پێشێلکاریەکان وایکردووە چاک گەلێ جار وەکو ڕێکخراوێکی بەرگریکەر لە مافی مرۆڤ دەربکەوێت و لەپێشی ڕێکخراوەکانی دیکە بێت. لەمبارەیەوە ڕەخنە ئاراستەی چاک کراوە کە چاک خۆی لە هەموو شت هەڵدەقورتێنێت، دیارە بەپێی بەرنامەی پەسندکراوی چاک، ئەو بەرگرییە لە مافی مرۆڤ تەواو کارێکی کانونی بووە و چاک لە زۆربەی بارەکاندا کارێکی نەکردووە لە دەرەوەی بەرنامەیدا بێت.
شایانی گوتنە بواری گەلکوژی و مافی مرۆڤ لە بواری کارکردن لەسەریاندا وەکو دوو بواری لەیەکتر جودا سەیریان کراوە، چونکە هەریەکەیان بوارێکی بەرفراوانە و وزە و توانای تایبەتیان دەوێت، پێویستیان بە شارەزایی تایبەت هەیە. لە لایەکیتر جوداکردنەوە و سنوردانان بۆ کارەکان ڕێگە بۆ تایبەتییکردن و کۆنکریتیکردن دەکاتەوە، بەمجۆرە کارەکان لە بواری تایبەت و لە یەکتر نزیکدا چڕ دەکرێنەوە. دیارە کۆمەڵکوژی، پاکتاوکردن و گەلکوژی هەمووی تاوانن دژ بە مرۆڤایەتی بە ئاستی جیاواز. واتە دەچنە ژێر چەمکی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام لە ئاستێکی زۆر دڕندانەدا، کە جیادەکرێتەوە لە پێشێلکارییەکانی وەکو بۆنمونە جوداکاری یا ئازاردان. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کە لەناوبردنی فیزیکی دەگرێتەخۆی دەچێتە ئاستێکی دڕندانەتر، کە لە کاتی کۆدا دەچێتە ئاستی کۆمەڵکوژی کە دەکرێ نازناوی پاکتاو و گەلکوژی پێوەبلکێت.
بارودۆخ و ژینگە ڕامیارییە کوردستانیەکە وادەکەن گەلێجار سنوری نێوان ئەو دوو بوارە تێکەڵبن، جگەلەوەی گەلێ جار لە گەلێ باردا، بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ، خۆی لە خۆیدا هەوڵی پێشگرتنە بە کۆمەڵکوژی و کارەسات، بۆیە

---

[1] ئەو کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی نائاساییە، چونکە لە لایەک پێشتر لە کاتی خۆی دەبەسترێت، لە لایەکیتر لەبەر ئیفلیجبوونی دەستەی بەرێوەبەر و هەندێ ئۆرگانی دیکە، وە کۆمەڵێ پێداویستی ڕێکخراوەیی دیکە، لە بوارەکانی کەلێنی دەستوری و سترەکتوری، کە لە ئەنجامی دەرەنجامەکانی دوای کۆنگرەی یەکەم، کێشەی ناوخۆیی و دووکەرتبوون هاتنەبوون، وەکو هەنگاوی پێویست و تێپەڕاندنی ئەو لاپەرەیە، بڕیاری لەسەر درا.

لەمبارانەدا کارەکە دەبێتە ئەرکی گرنگ و لەپێشی ڕێکخراوێکی وەکو چاک، کە هەوڵەکان بۆ بەرگرتن بە کارەساتی کۆمەڵکوژی، پاکتاوی رەگەزی و گەلکوژی دیکە یەکێکە لە ئەرکە بنچینەییەکانی.

توانای چاک سنوردارە لەروانگەی سەرچاوە و تایبەتمەندیەوە، بۆیە لەم دوو بوارە گەورەیەی گەلکوژی و مافی مرۆڤدا، گەلێ کار و ئەرک هەن فەرامۆش دەکرێن. ئەوەش لە دەسەڵاتی چاک گەلێ جار بەدەرە، چونکە تواناکەی چاک هەر ئەوەندەیە کە هەیەتی. دیارە ئەگەر چاک بتوانێ کارەکانی لە یەک بواردا چڕ بکاتەوە، باشتر دەتوانێ لەم بوارەدا کاریگەریی هەبێت و بە پرس و بابەتی زیاتر لەم چواچێوەیەدا ڕابگات. بەڵام وەکو گوترا ژینگە کوردیەکە و لاوازی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ وایکردووە، چاک بواری کارکردنی فراوانتر بێت.
لەبیرمان نەچێت، چاک ڕێکخراویکی ناحکومی بێ دەرامەت و بێ پشتوپەنای داراییە، ئەندامانی هەمووی لە زۆربەی هەرزۆری کارەکاندا لە گیرفانی خۆیاندا خەرجی کارەکانیان دەکەن. بۆیە نەداری و هەژاری توانای کارەکانی سنوردار کردووە، هەروەها کاریگەریەکەی بە ئاستی توانا، ویست و خۆبەختکردنی ئەندامانیەوە بەندە. ئەوە بەهەمان شێوە هۆکارێکی دیارە بۆ فەرامۆشکردن، وێرانەگەیشتن یان کەمباشی کارەکان.

وەکو ڕێکخراوێکی مرۆڤانەی دژ بە کۆمەڵکوژی و گەلکوژی، گەیشتن بە دەسەلات لە بەرنامەی چاکدا نییە و شوێنی نابێتەوە، هەروەها چاک سەربە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی رامیاری نییە. بەدواداچوون، ناساندن، چاودێری، لێکۆڵینەوە، بەدادگاییگەیاندنی تاوانباران، هەوڵەکان بۆ بەرگرتن بە تاوانی گەلکوژی و کۆمەڵکوژی، یارمەتی وپشتگیری قوربانیان، پشتگیری لە مافی مرۆڤ هتد. هەوڵ و کارە بنچینەییەکانی ئەو ڕێکخراوەن. بەکورتی هەوڵەکان هەموو بابەتێک کە پەیوەندی بە پرسەکانی کۆمەڵکوژی، پاکتاوی رەگەزی و گەلکوژی یا پێشێلکردنی درندانەی مافی مرۆڤ هەیە دەگرێتەوە. دەکرێ لەم کارانەدا ناتەبایی لەگەڵ هەڵوێست و هەنگاوی دەسەلاتی کوردیدا هەبن، بەڵام ئەوە بە واتای دژایەتی نایەت، بەڵکو چاک کار لەسەر بەرنامەی خۆی دەکات کە بنچینە لەسەر پێداویستیەکانی بابەت و پرسەکان دەگرێت، بۆیە گوێ ناداتە ئەوەی لە کامە ئامانج دەسەلات لەگەڵی دایە یان نا. بۆنمونە کاتێ چاک داوای دادگایی جاشە ئەنفالچیەکان دەکات، بەپێی بەرنامە و ئامانجەکانی، ئەو کارە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، ئەگەر دەسەڵات دژی ئەو هەنگاوە بێت یان نەبێت، ئەوە نابێتەهۆی ئەوەی چاک ڕەوتی خۆی بگۆڕێت. هەوڵەکانی چاک سەبارەت بە بابەتەکانی گەلکوژی، لە شیوەی ئەو هەوڵانەن کە لە لایەن گەلانی دیکەی قوربانی گەلکوژی دەدرێن. چاک لێرەدا هەوڵی داوە سوود لە بۆنمونە جولەکەکان و ئەرمەنیەکان وەرگرێت، لە هەمان کاتدا ویستوویەتی گەلی کورد لەم هەولانە هوشیار بکاتەوە و وابکات وەکو ناسیۆنێکی قوربانی گەلکوژی هەست بە پێداویستیەکانی لەمبارەیەوە بکات و بجولێت. بۆیە ئەوە کێشەی چاک نییە کە دەسەلات بەپێی بەرژەوەندییە رامیارییەکانی لە ئاشێکی دیکە لێدەکات.

هەوڵەکانی چاک لە چوارچێوەی سنورە کانونیەکان و سیڤیلیەکان دان. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵی کاریگەریی لەسەر بڕیار، ئاشکراکردن و وروژاندنی دیاردە پەیوەستدارەکان دەدات، پشتگیری داوا، یارمەتی لە بابەتی پەیوەستدار دەکات. دەکرێ لەو کارانەدا تەواو بە ئەنجام بگات، دەکرێ بە ئەنجام نەگات و گوێی لێ نەگیرێت، گرنگ ئەوەیە ڕێکخراو لە ڕێگەی کەنالە سڤیل و کانونیەکاندا هەوڵی گونجاوی خۆی بدات، هەر هەوڵێک بەپێی ئاستی کاردانەوە و ئەنجامەکەی کاریگەریی خۆی دەبێت. چاوەروانی زیاتر لە چاک نارِیالیستانەیە، چونکە چاک دەسەلاتی جێبەجێکردن نییە بتوانێ کاری دەسەڵات بکات یا بۆنمونە پیلی تاوانبار بگرێت و بیداتە دادگا، ئەو کارانە کاری چاک نین.

چاک ڕێکخراوێکی مرۆڤانەیە، بەلام چاک بەهۆی تایبەتمەندییە کوردییەکەی جیاوازە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکو ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و ئەمنستی ئەنتەرناسیونال یا ڕێکخراوی جیهانی دیکەی لەمشێوەیە. بۆ ڕێکخراوی چاک زۆر سەختە بتوانێ وەکو ئەو ڕێکخراوانە بێلایەن و دوور لە هەستی نەتەوەیی و یا دوور لە هەست بە چەوساندنەوەکردن کار بکات. ئەندامانی چاک خۆیان بەشێکن لە مەینەتییە نەتەوەیی و مرۆڤایەتیە ڕابردوو و هەنوکەییەکان، بۆیە ئەندامانی چاک جیاوازن لە ئەندمانی ئەو ڕێکخراوە جیهانیانە کە گەلێکیان بە کردەوە چەوساندنەوەیان نەچەشتووە یا خاکیان داگیر نەکراوە. واتە ڕێکخراوی چاک خۆی بەشێکە لە چەوساندنەوە بەردەوامە نەتەوەیی و نانەتەوەییەکە و لەناو ئەو ژینگەیەدا گوزەر دەکات. جگەلەوەی ڕێکخراوی چاک بەشێکە لە هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی و ئازادبوونی گەلی کوردستان، چونکە پێیوایە ئەمە وەکو هەر گەلێکی دیکەی ئازاد، مافی بێئەملاوئەولای گەلی کوردە، لە لایەکی دیکە تەنها لەو ڕێگەیەوە دەکرێ مسۆگەری ئاشتی و دووبارەنەبوونەوەی کارەساتی کۆمەڵکوژی

و گەلکوژی بکرێت. ئەمەش بێلایەنبوونی وەکو ڕێکخراوێکی جیهانی مرۆڤانەی بۆنمونە ئەمنستی ئەنتەرناسیونال زۆر سەختتر دەکات. بەمپێیە لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی چاکدا ئامانجی ڕامیاری دیاریکراو هەن. ناوەندی چاک بۆ کارەساتەکانی گەلی کورد دروست بووە، بە کوردستان بەتووندوتۆڵی بەستراوەتەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ گەلی کورد کار دەکات. لە کاتێکدا ئەو نیشتیمانەی کە ڕێکخراوی چاک کاری لەسەر دەکات لە ژێر دەستی داگیرکەر و چەوساندنەوەی داگیرکەر دایە، سەختە بتوانێ بەرامبەر بە پێشێلکاریەکانی بەرپرسانی تورکیا، یا ئێران و سوریا بێلایەن بێت و هەستی نەتەوەییانە و هاومرۆڤانەی نەجوڵێت. جێگای سەرنجدانە نە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، نە ئەمنستی و نە چاودێری ژینۆساید بە هیچ نەتەوەیەکی تایبەت، یا نیشتیمانێکی تایبەت بەند نین، بۆیە بۆ ئەوان ئاسانترە و ئاساییە بتوانن بێلایەنی ڕامیاریی خۆیان تاڕادەیەکی زیاتر بپارێزن. دیارە ئەوانیش تەواو بێلایەن نین و بۆ ئەوانیش ئاسان نییە تەواو بێلایەن بن.

لەلایەکی دیکە ڕێکخراوی چاک ڕێکخراوێکی مرۆڤانەیە و بۆ ئاشتی تەواو هەوڵ دەدات، هەروەکو پەسندی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەکات و بشتگیری لە ئاشتی بە گشتی دەکات. بۆیە ئەندام و دۆستانی چاک پێویستە ئەو پرەسنیپانە لەبەرچاو بگرن، واتە بەبێ گوێدانە جۆری نەتەوە، ئایین، ڕەگەز، ئایدۆلۆژیا و وابەستەیی خەڵک، دەبێ پشتگیری پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بکەن. ئەگەر ئەندام دژی بوونی خەڵکی دیکە بێت، یا ڕاسیستانە بیربکاتەوە لەو بارەدا ئەو کەسە لەگەڵ پرەنسیپەکانی چاک تەبا نییە، بۆیە بوونی لەو ڕێکخراوەدا ناگونجاوە. ئەگەر ڕێکخراوی چاک نەتوانێ ئەو پرەنسیپە بپارێزێت، پرسیار لەسەر ڕەوایەتی بوونی خۆی وەکو ڕێکخراوێکی مرۆڤ دۆست دروست دەکات.

پێویستە ئەندامان و دۆستانی ڕێکخراوی چاک سەرنجی ئەو ڕاستیانە و توانای سنورداری چاک بدەن، پشوویان درێژتر بێت و ستراتیژیانە لە ڕێکخراوەکە بڕوانن. دیارە لەگەڵ ئەوەی چاک ڕێکخراوێکی هەژارە و بێ پاڵپشتی داراییە، ڕێکخراوێکی چالاکە و خاوەنی کار و بەرهەمە. ئەوەش بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ لە خۆبردوویی و دڵسۆزی ئەندامانی دەگەڕێتەوە.
گرنگە ئەندامانی چاک سەرنجی ئەو ڕاستییە بدەن، کە نە لەتوانای چاک یا هیچ ڕێکخراوێکی دیکەدا نییە، لە هەموو کار و کردەوەکانی پێرفێکت و سەرکەوتوو بێت. لە کارکردندا هەڵە و کەموکوڕی دەبێت، چونکە ئەوانەی لەناو چاکدا کار دەکەن مرۆڤن. هەروەها چاک بۆ ئەوە نەهاتووە بە دوو هەفتە بە ئامانجەکانی بگات. هەموو ئەو پرسانەی کە ڕێکخراوی چاک کاری لەسەر دەکەن، توانا و شارەزاییان دەوێت، پشووی درێژیان دەوێت، جگەلەوەی بە شەو و ڕۆژێک نایەنە دی، پرسی وا هەیە دەیان ساڵی گەرەکە. بۆنمونە ئەرمەنیەکان ئەوە 90 ساڵە کار لەسەر گەلکوژی ئەرمەنیەکان دەکەن.

پێویستە ڕێکخراوی چاک بنەمای بوونی خۆی، کە لە پێداویستیەکی بێەملاوئەولای پرسەکانی گەلکوژی و کۆمەڵکوژی بنچینە دەگرێت، بەهێز بکات، واتە هەوڵی مۆبیلیزەکردن و ئەیارکردنی ئەندامان و خەڵک بەگشتی لەمبارەیەوە بدات. ڕوونی بکاتەوە بۆ ئەو پرەسیپانە چارەنوسسازن، لەبەرچی بە ناسنامەی گەلێکی چەوساوە و گەلکوژکراوەوە بەتووندی بەندە، بەجۆرێک کە دروستکردنی یا پێکهێنانی ناسنامەیەکی زیندوو کە بوونی گەلێک فەراهەم دەکات، پێویست دەکات. هەروەها لەبەرچی سەروەری و ئاشتی بۆ دوارۆژی ئەو گەلە ئەو خەباتە سڤیلە پێویست دەکات.

هەروەها پێویستە هەلبژاردن و ئالوگۆڕ لە شوێنەکان دیموکراسیانە و بەکراوەیی ئەنجام بدرێن، کە ئەندام تیایدا هەست بە بوونی خۆی و کاریگەری خۆی بکات. کە دەکرێ لە جۆرە سیستەمێکی ئاسۆیی ڕێکخراوەییدا بکرێت، کە بتوانێ بەلانسێکی گونجاو لە نێوان بەشەکانی خواروو و سەروو دروست بکات. پێویستە ڕێکخراوی چاک پیادەی سترەکتوری گونجاو و نائالۆزی مۆدێرن بکات، دابەشکردنی ئەرک و کار بە ڕوونی دیار بکات، پرەنسیپی ڕێکخراوەیی ڕوون و دیار بێت، تا بتوانێ دیسیپلینێکی گونجاو بێنێتەدی. بەمجۆرە ئەندامان کاری خۆیان بزانن، سنورەکان نەبەزێنن، هیچ ئەندامێک خۆی پێ لە ئەندامانی تر بەرزتر نەبێت، هیچ ئەندامێک بوونی ڕێکخراوەکە بە بوونی خۆی نەبەستێتەوە بەجۆرێ تووشی بەرزەفڕی ببێت. پێویستە هەمیشە گرنگی گونجاو بە پرەنسیپەکان و سترەکتورەکان بدرێت، چوارچێوەیەکی گونجاو و لەبار بۆ ئەندامان دروست بکەن، بەشێوەیەک یەکسانی و وەکویەکی لەبەردەم دەستور و پرەنسیپەکانی ڕێکخراو برەخسێنن. بەمجۆرە کەسەکان و ئەرکەکانیان دیموکراسیانە ئالوگۆڕیان پێبکرێت،

بەمجۆرە هەر کەسە لە کات و شوێنی خۆیدا ئەرکی راسپاردەی جێبەجێ دەکات، پاشان لە ئەگەری هەڵبژاردندا کەسێکی تر ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ.
بۆ گەیشتن بەم ئاستە و لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی گونجاودا، ئەو ڕێکخراوە دەبێ ڕێزی پرەنسیپە ناوخۆییەکانی بەرنامەکەی بگرێت، خۆی لە کەلتوری تاکڕەوی، خێڵەکیانە، پارانەوە و ماستاوساردکردنەوە دوورکاتەوە، بەڵکو کانونیانە هەڵسوکەوت بکات و لادان لەپرەنسیپی ڕێکخراوەیی کانونیانە ڕەتکاتەوە و هەوڵ بدات ئەندامان لەگەڵ شێوە ڕێکخراوەییەکە ئاشنایەتی گونجاو پەیدا بکەن و گونجاوانە پەیرەوی بکەن. لە لێپێچانەوە سڵنەکاتەوە و کۆنکریتیانە بڕیاری کانونی خۆی بدات، واتە پرۆفیشنالانە و بەپێی دەستوری ناوخۆ کار بکات.

لە کۆتاییدا هەروەکو بەر لە کۆنگرەی یەکەم لە وتارێکدا نوسیم، پێویستە ناوی ڕێکخراوەکە لەگەڵ ئامانج و پرەنسیپەکانی گونجاو بێت، بەشێوەیەک لە لایەک رەنگ لە کاروچالاکیەکانی بداتەوە، لە لایەکی تر ئاماژە بە کوردستانیبوونی ڕێکخراوەکە بکات، واتە ناوەکە مۆرکی هەموو کوردستان بگرێتە خۆی نەک تەنها باشور، هەروەکو چاک کوردستانییە و کار بۆ هەموو کوردستان دەکات. سەبارەت بە لۆگۆکە، ئەو لۆگۆییە گونجاو نییە و پێویستە لۆگۆیەکی گونجاوتر هەلبژێردرێت. باشترە لە لۆگۆکەدا ئاماژە بە گەلکوژی کورد بکرێت و ئاماژە بە ژیان بکرێت. چونکە لە کاتێکدا چاک کار لەسەر پرسەکانی گەلکوژی و کارەساتەکان دەکات، لە هەمان کاتدا کار بۆ پاراستنی ژیانی گەل و نیشتیمانێک لە ژینگەیەکی ئاشتیانەدا دەکات.